کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 0:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەربەخۆیی.. دوامۆدێلی سەقامگیریی لە جیهاندا. ... مەریوان نەقشبەندی



15 ساڵ پێش ئەوەی بەرەسمی سەربەخۆیی وەرگرێت، مۆنتینیگرۆ قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆی لە یوگسلافیای پێشوو دروستکردبوو کە تەنانەت دراوی مۆنتینیگرۆ لەدراوی حکومەتی ناوەند (یوگسلافیا) جودا بوو، دوای ئەویش هەرێمی کۆسۆڤا جیابوونەوەی بەباشترین رێگاچارەی ئاشتیانە لەگەڵ (بەلگراد) و سیاسەتەکانی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ هیچ رێگایەکی لەپێش ئەلبانی نەژادەکانی هەرێمی کۆسۆڤا نەهێشتەوە تەنها داواکاری وبریاری جیابوونەوە و دواتریش سەربەخۆیی نەبێت، بەتێپەڕبوونی کات و دوای قەناعەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مۆنتینیگرۆ بەراپرسیەك سەربەخۆیی وەرگرت و هەرێمی (کۆسۆڤا) ش لەهەرکاتێکی دیکە سەربەخۆیی نزیکبۆتەوە، لەئیندۆنیسیاش 120هەزار قوربانی تیموری رۆژهەڵات و سووربوونی دانیشتوانی ئەو دوورگە دوورەدەستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەس بوو بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لەئیندۆنیسیا، باشووری سودانیش زیاتر لە (25) ساڵ خەباتی چەکداری لەپێناو سەربەخۆیی کرد و زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی باشوور خۆیان کردە قوربانی و ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەفریقا و ئەمریکا بوون، بەڵام باردۆخی سیاسی و ئابووری و برسێتی لەکیشوەری ئەفریقا هەموویان پێکەوە رێگربوون لەرێگای سەربەخۆیی باشووردا و بەناچاری جۆرە کۆنفیدرالیەتێکیان لەگەڵ حکومەتی خەرتوم قبوڵ کرد کە دەسەڵاتی مەرکەزی لەلایەن باکوور و باشووری سودانەوە بەڕێوەبچی، بەڵام سوربوونی عومەر حەسەن ئەلبەشیر لەسەر سیاسەتی حوکمی مەرکەزی و هەوڵی سەپاندن وپەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر باشووریەکان کەزۆرینەیان مەسیحین و نەژادیشیان جیایە، بوەهۆی بەردەوامبوونی نەهامەتیەکانی گەلانی سودان، کەدواجار بەسەپاندنی سزای زیاتری نێودەوڵەتی بەسەر خەرتومدا کۆتایی هات، بەڵام ئەمجارەیان ئەمریکا باشووری سودانی لەو سزا نوێیە وەدەرنا و ئەوەش هاندەرێکی گونجاوبوو بۆ گەلی باشوور تا داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکاتە پێشنیارك و بەبەراورد لەگەڵ بەردەوامبوونی قەیرانی سیاسی و ئیداری حکومەتی خەرتوم، داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکات و رەنگە ئەم پێشنیارە نوێیەش لەهەرکات زیاتر جێگای قبوڵکردن و جێبەجێکردن بێت، چونکە حکومەتی خەرتوم تەنها کێشەی باشووری نیە بەڵکو لەهەرێمی دارفوریشدا رۆڵێکی خراپ دەگێڕی و هەمیشە دژایەتی مافی دارفۆریەکان دەکات و قەوانی یەکپارچەیی و سیادەی سودان و حوکمی مەرکەزی لێدەدات و ئاستەنگی گەورەش لەبەردەم کار و چالاکیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دروست دەکات،

ئیسرائیل و ئەمریکاش سەرەرای دووکەرت بوونی ناوچەکانی فەلەستین بەسەر فەتح و حەماسدا و سەرەرای وەرگێرانی لولەی تفەنگی حەماس لەتەلئەبیبەوە بۆ رامەڵڵا، بەڵام هەموان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەبی دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین، نەئیسرائیل و نە ئەمریکا و نەفەلەستین و وڵاتانی عەرەبی هیچیان ئیسراحەت ناکەن و سەقامگیری جۆرێك دەبێت لەخەیاڵ،

بارودۆخی عیراقیش کە ئەولەویەتی سیاسەت و هەیبەتی ئەمریکایە و چەند ساڵێکە زیاتر لە170هەزار سەربازی ئەمریکی و بەریتانی و چەندین دەوڵەتی دنیا تیایدا جێگیر بووە و بەسەدان ملیار دۆلار خەرجی لەپێناو سەقامگیریدا کراوە و نزیکەی 4هەزار سەربازی ئەمریکا و فرەرەگەزیش لەپێناویدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-10-2007 0:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بونەتە قوربانی، خەریکە دەبێتە ئاستەنگێك و ڕەنگە بڵێم گرفتێکی ڕاستەقینە لەبەردەم ئەو پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێیەی کە ساڵانێکە هەڵۆکانی ئەمریکا و سیاسەتوانانی واشنتۆن کاری بۆ دەکەن، بەڵام دەرئەنجام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بەبی دابەشکردنی عیراق جێبەجێکردنی پلان و بڕیاری ستراتیژی و سەقامگیری و دیموکراسیەت و گەشەکردنی ئابووری لەم وڵاتە و ناوچەکەدا مەحاڵە، بۆیە بەدیدی من پرۆژەی دابەشکردنی عیراق کەلەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە پەسەندکرا ئەگەرچی مولزەمیش نەبێت و کۆشکی سپیش لەگرنگی ئەو پرۆژەیەی کەمکردبێتەوە، بەڵام دەرەنجام ئەمری واقیعە و خەریکە لایەنگرانی پرۆژە کە لەناو عیراقیشدا زۆر دەبن و وەك جاران نەماوە کە ئەو خواستە تەنها خواستی کورد بێت، عیراقیەکان خەریکە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کەئەگەر عیراقیش دابەش نەکرێت هیچ حکومەتێکی مەرکەزی لەبەغدا ناتوانێت بەشێوە تەقلیدیەکەی جاران حوکمی هەرێمی کوردستان بکات و بەبی بڕیار و ڕەزامەندی هەولێر، بەغدا ناتوانێت هیچ ستراتیژیەتێکی سیاسی یان ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بگرێتەبەر، دانووستان و گفتوگۆکانی ئەم دواییەی هەردو وەزیری ناوخۆی عیراق و تورکیا لەمەڕ ڕێککەوتنە ئەمنیەکەی نێوانیان کە بەهۆی بەشداری نەکردنی لایەنی کوردیەوە تیایدا چەندین ئاستەنگی تێکەوت و وەزیری ناوخۆی عیراق سەرەرای ئەو بارودۆخە دژوارەی کە حکومەتەکەی مالکی پیایدا تێپەڕدەبێت، نەیتوانی بەڵێنی دەخالەت لەهەرێمی کوردستاندا بداتە بەرپرسانی ئەنکەرە.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.